# ناو و پێناسە

منداڵە جوانەکان،
بۆ ئەم ژمارەیە وشەکانی ( گەرما، با، تۆمۆبێل، یادگاری و نووسین ) مان، دانایە بەردەستی چەند منداڵێکی وەک ئێوە زیرەک، ئەوانیش بەم شێوەیەی خوارەوە ناوەکانیان پێناسەکردن:



**شینێ ئاراس ١٠ ساڵ.**
گەرما: هیچ خۆش نیە.
با: بەس بەهاران خۆشە.
تۆمۆبێل: پێویستیەکی زۆر خۆشە.
یادگاری: پۆلی یەکەم خۆش بوو.
نووسین: مامۆستام فێری کردم.



**سۆز دلشاد ٥ ساڵ.**
گەرما: بەگەرما ناتوانم لە دەرەوە یاری بکەم.
با: فێنکە.
تۆمۆبێل: لێی ئەترسم.
یادگاری: نازانم.
نووسین: خۆشە فێری بی.



**حوسێن جەلیل١٣ ساڵ.**
گەرما: لە سەرما خۆشترە.
با: بێزارم ئەکا.
تۆمۆبێل: خۆشە بیکرم.
یادگاری: شتی جاران.
نووسین:فێری بوویمە.



**نیمان کاوە ١٠ ساڵ.**
گەرما: ناخۆشە.
با: پرچم تێک ئەدات.
تۆمۆبێل: هی خاڵم جوانە.
یادگاری: وێنە.
نووسین: باشترین شتە.